چیرۆک



# پێیان بڵێ نەمکوژن


خوان رۆڵفۆ

لە فارسییەوە: شنۆ ئەحمەد

خوسیتنۆ، برۆ پێیانبڵێ نەمکوژن، بیکە لەڕای خوا، برۆ، تکایان لێبکە، بڵێ نەمکوژن، بیکە لەڕای خوا، خوستینۆ.

- ناتوانم؟ عەریفێکی لێیە کە ئامادە نییە گوێی لە ناوی تۆش بێ.

- کارێك بکە کە گوێت لێبگرێ، عەقڵت بخەرە کارو هەرچۆنێك بووە رازی بکە، پێی بڵێ کە بەسە، ئیتر تەواو ترساوم، بەسە. بیکە لەڕێی خوای برۆ پێی بڵێ.

-بەڵام هەست ناکەم قسەکانیان هەر بۆ هەڕەشەو ترساندن بێ، بەڵکو دەیانەوێ هەر بەڕاستی بتکوژن، منیش ئیتر ناچم بۆ ئەوێ.

-برۆ خوستینۆ، جارێکیتریش برۆ، تەنیا یەك جار، برۆ بەڵکو بتوانی شتێك بکەی.

-نا حەزناکەم برۆم، ئەگەر دووبارە بچمەوەو هەراسانیان بکەم، هەستدەکەن کە من کوڕی تۆم، نا نابێت، ئەگەر لێیان بپاڕێمەوە تێدەگەن کە من کێم و ئەوکاتە منیش دەگرن و گوللە بارانم دەکەن. باشترە دان بە خۆماندا بگرین، بزانین کۆتاییەکەی بەچی دەگات.

-نا، خۆستینۆ، برۆ، برۆ پێیانبڵێ کە یەك تۆز رەحم و لێبوردنیان هەبێت، هەر ئەوەندەیان پێبڵێ و بەس.

خوستینۆ لە کاتێکدا ددانی لە چیرەوە دەبرد، بە نیشانەی (نا) سەری بادەدا.

-برۆ لە عەریفەکە بپاڕێرەوە کە بهێڵێ سەرهەنگ ببینی، برۆ بۆ لای سەرهەنگ و پێیبڵێ کە من پیرو بێ نرخم. ئاخر چ سودێك لە کوشتنی من وەردەگرێ؟ هیچ، هەرچیەك بێ ئەویش رۆحێکی هەیەو پێی بڵێ بۆ لێخۆشبوونی رۆحی خۆیشی بووە دەست لە کوشتنی منی پیرەمێرد هەڵبگرێ.

خوستینۆ لەسەر ئەو کەڵەکە بەردە هەڵسا کە لەسەری دانیشتبوو، لە کاتێکدا کە بەرەو لای دەرگای گەوڕەکە دەڕۆیشت، ئاوڕی دایەوەو وتی: زۆر باشە، دەڕۆم، بەڵام ئەگەر منیشیان گرت و گوللە بارانیان کردم، پاداشتی ژن و منداڵەکانم چی دەبێت؟ کێ سەرپەرشتییان دەکات؟

-خوا گەورەیە، خۆی پارێزگارییان لێدەکات، خۆستینۆ، ئێستا پێم لەسەر لێواری مەرگە، بکەوە رێ، بزانم چی دەکەی.

دەمەو بەیانی بوو کە هێنابوویانە ئێرەو ئێستا ماوەیەکی زۆر بوو خۆرهەڵاتبوو، بەڵام هێشتا هەروا بە دارێکەوە بەسترابۆوەو چاوەنواڕبوو، نەیدەتوانی زاڵبێت بەسەر پەرێشانی و پەشۆکانیدا، ئارامی لێهەڵگیرابوو، چەندینجار هەوڵیدابوو کە بۆ چەند ساتێك وەنەوزێك بدات، تاکو زاڵبێت بەسەر مێشکی خۆیدا، بەڵام نەیتوانیبوو، خەوی لێنەدەکەوت و ئارەزووی خواردنیشی نەدەکرد، تاکە ئارەزووی بە زیندوویی مانەوە بوو، ئێستا کە زانیبووی دەیانەوێ بیکوژن، ئارەزوو پەیوەندییەکی زۆری بۆ ژیان بەدەستهێنابوو، بەتەواوی ناخیەوە دەیەویست بژی.

لە مردووییەك دەچوو کە تازە سەری لە گۆڕ هێنابێتەدەر، چ کەسێ لە خەیاڵی ئەوەدابوو کە ئەو بەسەرهاتە کۆنەی کە لە خەیاڵی ئەودا بەتەواوی کۆتایی پێهاتبوو، فەرامۆشکرابوو، جارێکی تر بەم شێوازە گیانی بە بەردا بکرێتەوە و نوێ بکرێتەوە؟ هەمان بەسەرهاتی کوشتنی _دۆن لۆپێ)، ئاخر ئەو چارەیەکی نەبوو جگە لە کوشتنی. ئەو (دۆن لۆپێ)ی بە بیروباوەڕی خەڵکی ئەلیماس نەکوشتبوو، بەڵکو – بە هۆیەکی هیچ و پوچ- پشت ئەستور بە چەند بەڵگەیەك کوشتبوو.

هاتەوە بیری کە: (دۆن لۆپێ ترۆس) هەمان ئەو کەسەی کە ناچاربوو بیکوژێ، سەرەڕای ئەمەی کە خاوەن موڵکی زەوی (پویرتا دی پیدرا) بوو، هاوڕێشی بوو، ئەم خاوەنی (پویرتا دی پیدرا) و لەوەبەدوای هاوڕێی ئەو، ئامادە نەبوو رێگەبدات گاگەلەی (خۆڤینسۆ) لەوەڕگەکەی بلەوەڕێ.

سەرەتا (خۆڤینسۆ) مەسەلەکەی بەهەند وەنەگرت، بەڵام کاتێك وشکە ساڵی درێژەی کێشاو برسیەتی گاگەلەکەی یەك بەدوای یەکدا کوشت، دیسانەوە هاوڕێکەی (دۆن لۆپێ) رێگەی نەدا باقیی گاگەلەکە لە گۆشەیەکی لەوەڕگەکەیدا بلەوەڕێ، ئەو بڕیاریدا کونێك لە پەرژینی موڵکەکە بکاتەوەو ئاژەڵەکانی کە



وشکە ساڵی وایلێکردبوون هەر پێست و ئێسقانەکەیان بمێنێتەوە، لەو کونەوە بچنە ناو لەوەڕگەکەوەو کەمێك بلەوەڕێن.

بەڵام (دۆن لۆپێ) ئەمەی پێخۆش نەبوو و زۆری پێناخۆش بوو. فەرمانیدا پەرژینەکەیان بەرزکردەوەو رێگەکەیان گرت و ئەو واتە (خۆڤینسۆ ناڤا) ناچار بوو دووبارە درزێك لە پەرژینەکە بکاتەوەو ئەم کردنەوەو داخستنانە ماوەیەك بەردەوام بوو. رۆژان کونەکە دەگیراو شەوان دەکرایەوە، تەواوی رۆژیش گاگەلەکە برسی، ئەو گاگەلەی کە پێشتر تەنیا بە بۆنکردنی گژوگیاکان و بێبەش لە چەشتنیان مابوونەوە، بە چاوەڕوانی چوونە ناوەوە بۆ لەوەڕگەکەو لە پشت پەرژینەکە دەمانەوە.

ئەو و (دۆن لۆپێ)یش بەبێ گەیشتن بە رێککەوتنێك بەردەوام دەنگە دەنگیانبوو لەسەر ئەم مەسەلەیە، تا ئەوەی سەرەنجام رۆژێك (دۆن لۆپێ) سەرەڕێی پێگرت و وتی: (بزانە خۆڤینسۆ، ئەگەر جارێکی تر یەکێ لە ئاژەڵەکانت پێبخاتە ناو موڵکەکەی منەوە دەستبەجێ دەیکوژم). ئەویش وەڵامیدایەوە: (بزانە، دۆن لۆپ، گوناهی من چییە کە ئاژەڵەکان دەچن و خۆراکی خۆیان بە چنگ دێنن، ئەوان چ گوناهێکیان کردووە؟ ئەگەر یەکێ لەوانە بکوژیت دەبێت بیژمێریت).

************************

ئەو یەکێ لە گوێرەکەکانی کوشتم، مانگی مارسی 35 ساڵ لەمەوبەر بوو، چونکە مانگی نیسان بوو کە من ناچاربووم لە ئاگانامە دادگاییەکانی دەوڵەت رابکەم و بدەمە کێو. نە ئەو دە گایەی کە پێشکەشی دادوەرم کرد سودی هەبوو نە تاپۆی خانوەکەشم توانیی من لە زیندان رزگاربکات، تازە لە پاش ئەوەش دەستیان لێهەڵنەگرتم، ئەوەندە ئازاریان دام کە من و کوڕەکەم ناچاربووین رابکەین و بێین بۆ ئێرەو لەناو (پالۆ دی ڤینادۆ)دا بژین. کوڕەکەم گەورەبوو ژنی هێناو بووە خاوەنی هەشت مناڵ. ئێستا دەزانن مەسەلەکە پەیوەستە بە چەندین ساڵ لەمەوبەر، چەند و ئەوەندە ساڵ تێپەڕی، لە پاش ئەم هەموو ساڵە حەقی خۆی بوو کە ئیتر مەسەلەکە بە تەواوی فەرامۆشبکرێ، بەڵام وەکو ئەوەی کە هێشتا لە بیرنەکراوە.

ئەوکاتانە بیرمدەکردەوە کە دەکرا بە سەد (پسۆ) کۆتایی بەم کێشەیە بێت، ئاخۆ تەنها وەرەسەی (دۆن لۆپێ) ژنێك و دوو منداڵ بوون، بێوەژنێکیش کە لە پاش ئەو هێند نەژیاو لە داخا مرد، منداڵەکانیشیان سپارد بە خزم و کەسەکانی لەوپەڕی مەملەکەت، کەسێ نەمابۆوە کە ببێتە مەترسی و دەردەسەری، بەڵام خەڵك وازیان نەدەهێناو بۆ ئەوەی کە بمترسێنن و تیغم لێ بسوون، وایان دەردەخست کە هێشتا دۆسیەکەم دانەخراوە و بەردەوام ئاگانامەم بۆ دەنێرن و هەر جارێکیش کە سەرو کەللەی غەوارەیەك لەنێو ئاوایی دا دەربکەوتایە، رایاندەکرد و دەیانگوت:- جوونیکۆ، چەند غەوارەیەك بەم دەوروبەرەن).

منیش ناچار دەبووم بدەمەوە دەشت و کێوو لەناو دارستانی چڕی کاژدا خۆم حەشار بدەم و رۆژان جگە لە گژوگیای دارستان هیچ خواردنێکی ئەوتۆم بەنسیب نەبێت. هەندێ جاریش ناچار دەبووم شەوانە وەکو کەسێك کە سەگەل بەدوایەوە بێت، بدەمە کێو، هەموو تەمەنم بەم جۆرە تێپەڕیوە نەك تەنها ساڵێك و دوو ساڵ، هەموو تەمەنم.

ئێستاکەش دووبارە هاتوونەتەوە بە دوایدا، ئەوەش رێك لە کاتێکدا کەس بیری لێنەدەکردەوە ئیتر کەسێك بە دوایدا بگەڕێت، دروست لە کاتێکدا کە دڵنیاییەکی تەواوی بەدەستهێنابوو خەڵکیش بەسەرهاتەکەیان لەبیرکردبوو، ئەویش دەیتوانی دوایین رۆژەکانی تەمەنی لە ئارامیدا بەسەربەرێ، ئەو رۆژانەی کە دڵی خۆی بەم خەیاڵە خۆشدەکرد کە (سەرەنجام ئاخری تەمەنم، دەتوانم هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵبکێشم، ئیتر دەستیان لێهەڵگرتووم).

لەراستیدا ئەو وای دابنابوو کە شوێنکەوتن و هەڵاتنەکان کۆتاییان هاتووە، هەربۆیەش نەیدەتوانی باوەڕ بە دۆخی هەنوکە بکات، نەیدەتوانی باوەڕبکات کە بڕیارە هەروا بە سانایی و لەخۆڕا بمرێ، ئەوەش لە پاش ساڵانێك ئارامگرتنی سەخت، لەپاش چەندین ساڵ راکردن، لە پاش چەندین ساڵ شەڕو بەربەرەکانی لەگەڵ مەرگدا، نەیدەتوانی باوەڕبهێنێ کە ئەجەل بە جارێك بەرۆکی پێگرتووە، ئەوەش لەم تەمەن و بارودۆخەدا، ئەو باشترین ساڵانی تەمەنی لە ترس و راکردندا گوزەراندبوو. راکردنە یەك لەدوا یەکەکان و مانەوە درێژخایەنەکان لە دارستانەکانداو ئارامگرتنە سەختەکان و برسیەتییەکان شتێکی ئەوتۆیان لە ناخی ئەودا نەهێشتبۆوە، جگە لە پێستێکی وشکهەڵاتوو چرچ و لۆچ لەسەر ئێسقانەکانی پاڵ جەستەی.

مەگەر نەك هەر گرنگی نەدا بە رۆیشتنی هاوسەرەکەی، بەڵکو ئەو رۆژەی کە لە رۆیشتنی هاوسەرەکەی بەئاگا هات، تەنانەت خەیاڵی شوێنکەوتنیشی بە مێشکدا نەهات، رێگەیدا هاوسەرەکەی بڕوات بەبێ ئەوەی ببێتە بەربەست لەبەردەمیداو بزانێ کە بۆ کوێ رۆیشتووە، هەموو ئەمانە لەبەرئەوەبوو، کە ئیتر ناچار نەبێ لە شاخ بێتە خوارەوەو بگەڕێتەوە بۆ ئاوایی. ئەو هاوسەرەکەشی وەکو هەموو شتەکانی تری بەبێ بچوکترین بەرگریی وازلێهێنابوو. ئیتر شتێکی نەبوو کە بۆی نیگەران بێ جگە لە گیانێکی رەنجێنراو لە جەستەیەکی بێ کەڵکدا، ئێستا کە سوور بوو لەسەرئەوەی بەهەر نرخێك بووە بەرگری لە ژیانی بکات. نەیدەویست بمرێ، واتە نەیدەتوانی بمرێت، ئەوەش لەم تەمەنەداو لەپاش ئارامگرتنی ئەو هەموو سەختی و چەرمەسەرییە.

بەڵام مەسەلەکە جدی بوو، (ئەوان) ئەویان لە (پالۆ دی ڤینادۆ) هێنابووە ئێرە بیکوژن،  بۆ هێنانی هەتا پێویستیان بە پێوەندو زنجیریش نەبوو، ترس، توندترو دڵنیاتر لە حەبل و گوریسێك ئەوی کشاندبووە بەرپێی ئەوان. ئەوانیش دەیانزانی کە ئەو بەو جەستە شەکەت و قاچە لاوازانەیەوە کە وەکو دوو لقەداری وشك دەیاننواندو باڵایەك کە لە ترسی مردن چەمابۆوە توانای راکردنی نییە. خۆیان بەویان وتبوو کە بڕیارە بکوژرێ.

بە بیستنی ناوی (مردن) تایەکی توند کە هەمیشە لەگەڵ هەستکردن بە نزیکبوونەوەی مردندا دەهات بە سۆراغی، کتوپڕ لە سکیدا پێچی خوارد. چاوەکانی لە ترساندا پێ زەقبوون و دەمیشی لەو تفەترش و تاڵەی کە بێ خواستی خۆی قوتی دابوو، نقومی ئاوڵە ببوو، ئەو ئازارە بەهێزە قاچی سست و قورس و سەری سوك دەکردو دڵیشی بە توندی دەخستە لێدان.

ئەو هیچ کاتێ نەیدەتوانی بێتە پاڵ ئەو راستییەی کە بڕیارە بیکوژن. سەرەنجام دەبێت رێگەیەك هەبێ بۆ رزگاربوون و دەلاقەیەك بۆ ئومێد، تۆ بڵێی؟ ئەوان ئەویان بەهەڵە گرتبێت، لەوانەشە ئەوان بۆ (جوونیکۆ ناوا)یەکی تر بگەڕێن.



ئەو بە بێدەنگی و لە کاتێکدا کە دەستەکانی بەهەردوو لای لەشیدا شۆڕ ببوونەوە، بەنێو ئابڵوقەی مەئمورانندا هەنگاوی هەڵگرتبوو، لەو کاتژمێرانەی سەرەتای سپێدە، ئاسمان تاریك و بێ ئەستێرە بوو، شنەبایەك هەڵیدەکردو بۆنێکی ناخۆش لە قەراغ جادە خۆڵەمێشیەکە بە



فەزادا پەرش دەبوو، چاوانی (خۆڤینسۆ) کە بە تێپەڕینی رۆژگار چرچ و لۆچ ببوو، سەرەڕای تاریکی چاوی بڕیبووە خاکی ژێرپێی خۆی، خاکێك کە سەراپای تەمەنی تێدا گوزەراندبوو، شەست ساڵ ژیانی سەر رووی ئەو زەمینە، وایلێکرد هەردوو دەستی باتە سەر زەوی و خاکەکەی وەکو کوتێ گۆشت تامی تامی بکات، ئێستا کە گەرد بە گەردی ئەو خاکە بە بەرچاوانیدا دەگوزەرێنێ و هەر گەردێك دەسپێری بە یادەوەریی، وەکو بڵێی دواهەمین گەرد بێت و تاڕادەیەك دڵنیابوو کە دواهەمین گەرد بێت.

پاشان وەکو ئەوەی بیەوێ قسەیەك بکات روانیە ئەو پیاوانەی کە لە پێشەوە دەڕۆیشتن. دەیویست پێیانبڵێ کە وازی لێبهێنن، وازی لێبهێنن کە بڕوات، دەیویست بڵێ: (کوڕینە، من ئازارم بە کەس نەگەیاندووە)، بەڵام هیچی نەوت و هەروا بێدەنگبوو، لە دڵی خۆیدا دەیوت:- (کە تۆزێك چوینە پێشتر پێیان دەڵێم)، بەڵام دیسانەوە هیچی نەوت و تەنها سەیریکردن، هەتا دەیتوانی وایدابنێ کە ئەوانە هاوڕێی ئەون، بەڵام نەیدەویست، ئاخۆ ئەوان هاوڕێی نەبوون، نەیدەزانی ئەوان نایناسن، ئەو بەهەمان شێوە دەیڕوانیە ئەوانەی کە لە پێشەوە دەرۆیشتن و ناوە ناوە دەهاتنەوە تا بزانن جادەکە تا کوێ دەڕوات.

تا بەر لەو شەوە، ئەوانی نەبینیبوو، ئەوان شەوانە، لە تاریکەشەودا کە هەموو شتێ خۆڵەمێشی دەهاتە بەرچاو لە رێگا ئاوییەکانی کێڵگەکە پەڕینەوەو لە کاتێکدا کە لاسکە گیا تازە سەرکردەکانی ژێرپێیان دەشێلا، دەهاتنەپێش، ئەو رایکردبووە خوارەوە تا پێیان بڵێ گیاکان مەشێلن، بەڵام ئەمەش پێشی بەوان نەگرتبوو ئەوان هەروا دەهاتنە پێش.

بەرێکەوت ئەوانی بینیبوو، هەمیشە چانسی هەبوو بەڕێکەوت هەموو شتێکی دەبینی، دەیتوانی هەمان کات بگەڕێتەوە سەر شاخەکان و چەند کاتژمێرێك خۆی بشارێتەوە تا ئەوان بڕۆن و پاشان دووبارە بگەڕێتەوە خوارەوە. ئیتر مەوسیمی باران بارین بوو گەنمەشامییەکان لە تینویەتیدا دەسوتان و

بەزوویی هەموویان وشکدەبوون.

دەزانی؟ ئەو دەغڵ و دانە نیوە سووتاوانە نرخی ئەوەیان نەبوو، کە ئەو بێتە خوارەوەو خۆی بخاتە چاڵێکەوە کە دەربازبوونی زەحمەت بوو.

ئێستاکەش لە پێش ئەوانەوە دەڕۆیشت و بیریدەکردەوە بە چ جۆرێك پێیانبڵێ کە وازی لێبهێنین بڕوات، روخساریانی نەدەبینی و تەنها جەستەیانی دەبینی کە لەگەڵ هەر هەنگاوێك بەرەولای ئەو دەهاتن، پاشان لێی دوور دەکەوتنەوە، سەرەنجام هاتە قسەو وتی: (من ئازارم بە کەس نەگەیاندووە) ئەمە ئەو وشانە بوو کە ئەو هات بەسەر زمانیدا، بەڵام تەنانەت یەکێ لەو کەسانەش سەرنجی نەدایە، ئەو روخساری وەرنەچەرخاند تا سەیری بکات. ئەوان کە وەك لە خەودا بەرێدا دەرۆیشتن هەروا درێژەیان بە رێگەکەیاندا.

پاشان بیری کردەوە کە ئیتر شتێك نەماوەتەوە بۆ وتن و دەبێت چاوی ئومێد ببڕێتە شوێنێکی تر. دووبارە دەستەکانی خستەسەر ئەم لاولای لەشی و بەنێو شەو، تاریکی کردبوون، لە یەکەمین ریزی خانوەکانی گوندیش تێپەڕی.

-(جەنابی سەرهەنگ، ئەو پیاوە لێرەیە).

ئەوان لەبەردەم دەرگایەکی بچووك وەستابوون، ئەو کڵاو لە دەستداو بە ئەدەبەوە، لە چاوەڕوانیدا وەستابوو، تا یەکێك لەو دەرگایەوە بێتە دەرەوە، بەڵام تەنها دەنگ هاتە دەرەوەو وتی: (کام پیاو).

-(هەمان پیاوی خەڵکی (پالۆ دی ڤینادو)، جەنابی سەرهەنگ، هەمان کەسی کە فەرمانتدا بیهێنم).

دەنگی پشت دەرگاکە پرسی: (لێی بپرسە، ئایا هەرگیز لە ئالیما ژیاوە؟)

ئەو عەریفەی کە رووبەڕووی وەستابوو، پرسیارەکەی دووبارەکردەوە:

(هێی تۆ، هیچ کاتێ لە ئالیما ژیاوی؟)

-(بەڵێ، بە سەرهەنگ بڵێ، من ئەسڵەن خەڵکی ئەوێ نیم و تا ماوەیەك لەمەوبەریش هەر لێرە ژیاوم).







-(لێی بپرسە گوادالوپێ تروس دەناسێ؟)

-دەپرسن گوادالوپێ تروس دەناسی؟)

-(دۆن لۆپێ؟ بەڵێ، پێی بڵێ کە دەیناسم، ئەو مردووە).

ئاوازی دەنگی پشت دەرگاکە گۆڕاو وتی:- (دەزانم کە ئەو مردووە)، پاشان دەنگەکە، کە وەکو بڵێی لەگەڵ کەسێك لەولای دیوارەکە سەرگەرمی گفتوگۆ بێ درێژەی دایە:-

-(گۆادا لۆپێ تروس باوکی من بوو، کاتێك گەورە بووم هەواڵیم پرسی، وتیان مردووە. سەختە مرۆڤ گەورە بێت و بزانێ ئەو شتەی کە دەبێت پشتی پێ ببەستێ، مردووە و ئیتر نەماوە، ئەمە بەڵایەك بوو کە بەسەر ئێمەدا هات. پاش ماوەیەکی زۆر تێگەیشتم کە یەکەمجار بەقەمە برینداركراوەو پاشانیش نەقیزەگایەك لە سنگی رۆکراوە، پێیانوتم کە زیاد لە دوو رۆژ ژیاوەو تا سەرەنجام لە ناو بیرێك ئاودا دۆزیبیانەوە، هێشتا ئازاری دەکێشاو دەپاڕایەوە کە دەستی ژن و منداڵەکانی بگرن، وا دێتە بەرچاو ئادەمیزاد بە تێپەڕینی زەمەن رووداوەکان فەرامۆشدەکات، ئادەمیزاد هەوڵدەدات و دەیەوێت کە فەرامۆشی بکات، بەڵام ئەو شتەی کە فەرامۆشناکرێ، ئەمەیە کە بزانرێت ئەو مرۆڤەی ئەم کارەیکردووە هێشتا زیندووە و هێشتا دەیەوێ رۆحی بۆگەنی بە خەیاڵی کۆن ژیانی هەتا هەتایی خۆراك بدات.

نەْ ، هەرگیز ناتوانم لەو پیاوە خۆشبم، گەرچی تەنانەت نایناسم، بەڵام کاتێك لە شوێنی ژیانی بەخەبەر هاتم، نەمتوانی زاڵبم بەسەر وەسواسی کوشتنیدا، هەرگیز ناتوانم بەزیندوویی هێشتنەوەی لە پاش ئەو کردارە دەردناکە ببەخشم، ئەو ئەسڵەن نەدەبوایە بێتە دنیاوە).

لێرەدا، واتە لە دەرەوەی ژوورەکە، هەموو قسەکانی بەڕوونی دەبیسترا، پاشان فرمانەکەشی کە (بیبەن و ماوەیەك بە حەبل رایکێشن تا هەندێ ئازار بچێژێ و پاشان گوللە بارانی بکەن).

(خۆڤینسۆ) پاڕایەوە کە: (جەنابی سەرهەنگ، سەیرم بکە، ئێستا نرخی هیچ شتێکم نەماوە، هەر ئەم رۆژانەیە کە خۆم بە دەردی پیرییەوە دەکەوم و دەمرم، مەمکوژە).

دەنگی پشت دەرگاکە دووپاتی کردەوە: (بیبەن).

-(جەنابی سەرهەنگ، من حەقی تاوانەکەم دایەوە، چەند بەرابەریش دامەوە، هەموو شتێکتان لێسەندم، بەشێوازی جۆراوجۆر پاداشتم دانەوە، چل ساڵی رەبەق وەکو (گەڕو گولێك) خۆم لە چاوی خەڵکی دەشاردەوەو هەمیشەش ترسم هەبوو کە ئێستا بمگرن و بمکوژن. جەنابی سەرهەنگ، ئەمە سزا نییە بەم جۆرە بمرم، لانی کەم لێگەڕێ خوداوەند بەسەر کەموکوڕییەکانم تێپەڕێنێ و بمبەخشێ، مەمکوژە، پێیانبڵێ نەمکوژن).

ئەو وەك مرۆڤێکی کوتەك خواردوو هاواری دەکردو کڵاوەکەی رادەوەشاند. بەبێ بچڕان، دەنگی پشت دەرگاکە وتی: (بیبەن و شتێکی بدەنێ تا بێ هۆش بێ و گڕی گوللەکان ئازاری نەدات).

ئێستا ئیتر، سەرەنجام ئارامی گرتبوو. لەبەردەم دارەستونیەکەدا شل و شێواو بوو، کوڕەکەی (خۆستینو) هاتبوو رۆیشتبوو، دووبارە گەڕابۆوە و ئێستاش سەرلەنوێ دەهاتەوە بۆلای.

باوکی خستەسەر ولاخ و لەسەر زین قایمی کرد، تا لەناو جادەکە نەکەوێتە خوار. سەریشی بە تورەکەیەك داپۆشی تا لەوە زیاتر بەد دیمەن نەبێت.

پاشان ولاخەکەی بەرێخست و بەپەلە رۆیشت، تا بۆ سازکردنی مەراسیمی شەوی پێش بە خاکسپاردنی مردووەکە، بگاتە (پالۆ دی ڤینادۆ).

لە رێگەدا بە باوکی دەوت (بووك و نەوەکانت دڵیان بۆت تەنگ دەبێت، کاتێك چاویان بە سیمات بکەوێت، باوەڕ ناکەن کە خۆت بی، بەم هەموو کونەی کە گوللەکانی ئەوان دروستیانکردووە، وا هەستدەکەن گورگ روخسارتیان پارچە پارچە کردووە).





# شعر